DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.354
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# توانستە سرووشتییەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار و کێشەکانی لە قەزای دەربەندیخان دا

م.ی. عبدالجبار صالح محمد أمين
Abduljabar.muhammad@univsul.edu.iq

پ. شیروان عمر رشید
shirwan.rashid@univsul.edu.iq

بەشی جوگرافیا- کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی- هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە:**
ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستن و شیکردنەوەی توانستە سرووشتییەکان و کێشەکانی بەردەم گەشەپێدانی گەشتوگوزارە لە قەزای دەربەندیخان دا، بۆ بەجێهێنانی ئەم توێژینەوەیە، هەریەك لە میتۆدەکانی وەسفیی و شیکاریی بەکارهاتووە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسیی، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ئەلیکترۆنیی بووە بۆ ماوەی (٦)مانگ، پاشان شیکردنەوەی زانیارییەکان بەشێوەی خشتە و نەخشە و وێنەی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو، توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێک ئەنجام، گرنگترینیان، قەزای دەربەندیخان خاوەنی چەندین توانستی جۆراوجۆری گەشتوگوزاریی سرووشتییە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا، بەڵام چەندین کێشە ڕێگرە لە بەردەم گەشەپێدانیی گەشتوگوزاریی تیایدا، بە تایبەتیی کەمیی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی بە تایبەت خراپیی ڕێگاوبان و گواستنەوە زیاتر لە (٣٩،١٪) و کەمیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی بە ڕێژەی (٢٧،٢٪) وەرگرتووە، کەمترین کێشە کە ئاماژەی بۆ کراوە لە لایەن گەشتیارانەوە، لایەنی ئاسایشیی بووە بە ڕێژەی لە (٢،٥٪)، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش لە ناوچەی توێژینەوەدا. لە کۆتاییدا چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆنیەتی گەشەپێدان و پلاندانی گەشتیاریی لە قەزای دەربەندیخان دا خراونەتەڕوو، وەک چاککردنی ڕێگاوبان و چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتیی و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و چێشتخانە و..هی تر، کە ئەبێت بە هۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و گەشەپێدان و پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا.

**کلیلە وشەکان/ قەزای دەربەندیخان، توانستە سرووشتییەکان، جۆرەکانی گەشتوگوزار، کێشەکانی گەشتوگوزار، گەشەپێدانی گەشتیاریی.**

Recieved: 18/10/2023
Accepted: 3/11/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

توانسـتە سروشـتییەکان بـە گرنگتریـن توانسـتەکانی سـەرهەڵدانی چالاکییـە گەشـتوگوزارییەکان دائەنرێـت، کـە مـرۆڤ رۆڵـی نییـە لـە سـەرهەڵدان و دروسـتبوون و دابەشـبوونی جوگرافیاییـان، بـە واتایەکـی تـر توانسـتە سرووشـتییەکان جێگیـرن و لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر ناگوازرێنـەو، بەڵکوو گەشـتیار ئەبێـت بچێـت بـۆ ئـەو شـوێنە و بکەوێتـە ژێـر کاریگەرییەکـەی (یونـس،١٩٩٣،ص٢٨)، هەروەهـا پەیوەندییەکـی بـە هێزیـان لەگـەڵ کرداری راکێشـانی گەشـتیاران و پلاندانانـی گەشـەپێدانی گەشـتوگوزاریی لـە هـەر ناوچەیەکـدا هەیـە، لـە کاتـی بوونـی توانسـتە سروشـتییەکاندا ئەتوانرێـت توانسـتەکانی تـری گەشـتوگوزاریی درووسـت بکرێـن و پەرەیـان پێبدرێـت، وەک بنیاتنـان و چاککردنـی تۆڕەکانـی رێگاوبـان و هۆکارەکانـی پەیوەندییکـردن و دروسـتکردنی دامـەزراوە گەشـتوگوزارییەکان و گەشـەپێدانی ژێرخانـی ئابووریـی گەشـتوگوزاریی، (الحدیثی و عبدالنبـی،٢٠١٤،ص٤٠٨)، لەبەرئـەوە گەشـەپێدانی ئـەم کەرتـە لـە هـەر ناوچەیەکـدا رێگەیەکـە بـۆ دەسـکەوتنی ئابووریـی و پاراسـتنی ژینگـە و ئاشـنابوون بـە کەلتـووری نەتـەوە جیـاوازەکان بـە یەکتریـی.

## کێشەی توێژینەوە:

سـەرەڕای گرنگیـی کەرتـی گەشـتوگوزار، بـەڵام لـە قـەزای دەربەندیخـان دا وەک بەشـێک لـە هەرێمـی کوردسـتان، گرنگیـی ئەوتـۆی پـێ نـەدراوە و سـوود لـە توانسـتە جوگرافیاییەکانـی وەرنەگیـراوە بـۆ مەبەسـتی گەشـەپێدانی کەرتی گەشـتوگوزاریی، بـە جۆرێـک رۆڵێکـی ئەوتـۆی نییـە لـە گەشـەپێدانی قەزاکـە و زیادکردنـی داهـات بـۆ دانیشـتوانەکەی.

## گریمانەی توێژینەوە:

قـەزای دەربەندیخـان خاوەنـی چەندیـن توانسـتی جوگرافیایـی سرووشـتیی گرنگـە بـۆ مەبەسـتی پلاندانـان و گەشـەپێدانی گەشـتوگوزار.

نەبوونـی هاوسـەنگیی لـە نێـوان کەمیـی خزمەتگوزاریـی و ئاسـانکارییە گەشـتوگوزارییەکان (سـەرخان و ژێرخانـی ئابووریـی)، لەگـەڵ بـە هێـزی توانسـتە سرووشـتییەکانی ناوچەکـە، بـووە بـە کێشـە لـە بـەردەم گەشـەپێدانی گەشـتوگوزاریی لـە قەزاکەدا.

## ئامانجی توێژینەوە:

دەرخسـتنی توانسـتە سرووشـتییەکانی قەزاکەیـە، کـە ئەتوانرێـت سـوودی لـێ وەربگیرێـت بـۆ گەشـەپێدانی کەرتـی گەشـتوگوزار، بـە جۆرێـک ببێـت بـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی لـە گەشـەپێدانی لایەنـی ئابووریـی دانیشـتوانی قەزاکـە و سـەرجەم بوارەکانـی تـر.

دیاریکردنی گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی گەشتیاریی لە قەزای دەربەندیخان دا.

چارەسـەرکردنی ئـەو ئاسـتەنگانە لـە رێگـەی پێشکەشـکردنی کۆمەڵێـک پێشـنیازی گونجـاو بـۆ چارەسـەرکردن و گەشـەپێدانی گەشتوگوزاریی.

## میتۆد وپلانی توێژینەوەکە:

بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی توێژینەوەکە پشـت بـە میتۆدی (وەسـفیی و شـیکاریی) بەسـتراوە بۆ ناسـاندنی ناوچـەی توێژینەوە و شـیکردنەوەی داتـاکان و پاشـان بەجێهێنانـی راپرسـیی و خسـتنەڕووی زانیارییـەکان لە شـێوەی نەخشـە و خشـتە و وێنە.

پلانیی توێژینەوەكە: توێژینەوەكە لە سێ تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە توانستە سرووشتییەكانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاریی لە ناوچەی توێژینەوەدا، تەوەرەی دووەم باس لە كێشەكانی بەردەم گەشەپێدانی گەشتوگوزار ئەكات، تەوەرەی سێیەم تایبەتكراوە بە پلاندانان و گەشەپێدان بۆ ناوچەی توونی بابا عومەر وەك نمونەیەك لە گەشەپێدانی گەشتیاریی لە ناوچەكەدا.

# تەوەرەی یەكەم: توانستە سرووشتییەكانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوەدا:

## یەكەم/ شوێنی جوگرافیایی:


شوێنی جوگرافیایی هەر ناوچەیەك بایەخی گەشتیاریی ئەو ناوچەیە دیاری ئەكات، نزیكی ئەو ناوچەیە لە رێڕەوی گەشتیاریی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، یان لە ناوچەی داواكاری گەشتیاریی ئەبێت بە فاكتەری راكێشانی گەشتوگوزار یان بە پێچەوانەوە، هەروەها شوێنی جوگرافیایی بە تایبەتیی هەڵكەوتن بەپێی بازنەكانی پانیی كاریگەریی زۆری لەسەر گەشتیاریی هەیە، چونكە بەرپرسە لە دیاریكردنی تایبەتمەندێتی بەشێك لە رەگەزەكانی ئاووهەوا و جۆری رووەكیی سرووشتیی و ئاژەڵی كێویی و جۆری خاكەكەی لە لایەك و چالاكییە ئابووریی و كۆمەڵایەتیی و چۆنییەتی دابەشبوونی دانیشتوان لە لایەكی ترەوە، ئەمانەش توانستێكی گەورەی گەشتوگوزارین(حسین،٢٠٠٩، ص٢٥)، قەزای دەربەندیخان یەكێكە لە قەزا سنوورییەكانی پارێزگای سلێمانی كە لەیەك ناحیە (باوەخۆشێن) و (٤٨) گوند پێكهاتووە، ئەكەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی كوردستانی عێراق و باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بە دووری (٦٧كم) هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران لە خۆرهەڵات و پارێزگای هەڵەبجە لە باكووری خۆرهەڵات و ئیدارەی گەرمیان (كەلار) لە باشوور و باشووری خۆرئاوا و هەر دوو قەزای شارەزوور لە باكوور و قەرەداغ لە باكووری رۆژئاوا، كە سەر بە پارێزگای سلێمانین هاوسنوورە، نەخشەی (١)، لە رووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە ناوچەی توێژینەوە ئەكەوێتە نێوان هەر دوو بازنەی پانیی (٢٩″ ٥٥′ ٣٤°- ٣٠″ ١٤′ ٣٥°)ی باكوور، نێوان دوو هێڵی درێژیی (٥٠″ ٢٩′ ٤٥° - ٠٠″ ٥٦′ ٤٥°)ی رۆژهەڵات، واتە ئەكەوێتە ناوچەی هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست (هەرێمی ئاووهەوای مامناوەندی باكوور)، (البغدادي،١٩٩١،ص٢٦)، رووبەری قەزای دەربەندیخان ئەگاتە نزیكەی (٥٦٧كم٢) ١*، كە (٤،٩٥٪)ی رووبەری پارێزگای سلێمانی پێكهێناوە، ئەكرێت سوود لە پێگەی قەزای دەربەندیخان وەربگیرێت، چونكە هاوسنوورە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و ناوچەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، كە لە رووی خستنەڕووی گەشتوگوزاریی (Supply Tourism) كەم خزمەتن و ژمارەی دانیشتوانی زۆرە (كاكە عبداللە و ئەوانیتر،٢٠١٩،ل٤٣١)، لە بەرامبەردا ئەكرێت قەزاكە، وەك نزیكترین شوێن لێیانەوە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ سەرنجراكێشانی گەشتیارانی ئەو ناوچانە و بكرێتە سەرچاوەیەكی داهات و پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی لە قەزاكەدا.

---

١ * رووبەری پارێزگای سلێمانی (١١٤٥٣.٣كم٢) بۆساڵی ٢٠٠٩. بڕوانە بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەكانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەكان، پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٥٥.

نەخشەی (١)

شوێنی جوگرافیایی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنچینەیی عێراق و قەزای دەربەندیخان، ٢٠٢٠.

## دووەم/ پێکهاتەی جیۆلۆجیی و بەرزیی و نزمیی:


پێکهاتەی جیۆلۆجیی: تەمەنی پێکهاتەی جیۆلۆجیی ناوچەی توێژینەوە ئەکەوێتە ماوەی دووەم لە چاخی کریتاسیی تا کۆتایی ماوەی چوارەم و چاخی نوێ، کە پێکهاتەی سەردەمی جیۆلۆجیی دووەم لە چەندین پێکهاتەی، وەک (باڵامبۆ، کۆمیتان، شیرانش، تانجەرۆ) پێکدێت، پێکهاتەی سەردەمی جیۆلۆجیی سێیەم لە چەندین پێکهاتەی جیاواز ، وەک (سنجار، چەرکەس، پیلاسپیی، فەتحە، ئەنجانە، مقدادیە، بای حسن) پێکدێت (Buday,p٢١٤١٩٨٠,)، سەبارەت بە پێکهاتەی سەردەمی جیۆلۆجیی چوارەم کە تەمەنی ئەم پێکهاتەیە بۆ سەردەمی نیشتوەکانی پلایستۆسین و هۆلۆسین ئەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکیی ئەم نیشتوانە لە قوڕ و لم و سلت و گۆنگلۆمیرەیت پێکدێت، ئەم نیشتوانە لە ئەنجامی گواستنەوەیان لە بەرزاییەکانەوە بەرەو ناوچە دەشت و دۆڵەکان درووستبوون، ئەم گواستنەوەیەش بە هۆی هێزی کێشکردن و تۆڕی ئاوی ڕێکردوو و لافاوەکانەوە ئەبێت (مجید،٢٠١٥،ل٢١)، کە نیشتووی دۆڵەکان و پلیکانە ڕووبارییەکان و دەشتی لافاویی درووست ئەکەن.

بەرزیی و نزمیی: قەزای دەربەندیخان وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان، لە ڕووی دابەشکردنی بەرزیی و نزمییەوە کەوتۆتە ناوچەی چیا نزمەکان، کە بە ناوچەیەکی گواستراوەکیی دائەنرێت لە نێوان ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی، ڕووشتیی ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە زنجیرە چیای درێژ و کەم بەرز، لەگەڵ بوونی بان و گرد

و دەشـتیی تارادەیـەک فـراوان، بـە شـێوەیەکی گشـتی بەرزیـی ناوچـەی توێژینـەوە لەنێوان بەرزیـی (٣٠٠–١٨٠٠م) ئەبێـت لـە ئاسـتی رووی دەریـاوە، ئەبینییـن بەرزتریـن بەشـەکانی سـنووری قـەزای دەربەندیخـان ئەکەوێتـە باکـوورو باکـووری رۆژهـەڵات، کـە بەرزیـان ئەکەوێتـە نێـوان (٦٠٠-١٥٠٠م) لـە رووی دەریـاوە، کـە بەرزاییەکانـی زنجیـرە چیاکانـی (زمناکـۆ، شـەمێران، بیـزل) دەنوێنێـت، بـەڵام تاوەکـوو بـە ئاراسـتەی باشـوور و باشـووری رۆژئـاوای قەزاکـە برۆیـن بەرزاییەکانـی کەمـتر ئەبێـت. بـەوە، ناوەڕاسـتی قەزاکـە بەرزییەکـی ناوەندیـی هەیـە، لـە نێـوان باکـووری رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژئـاوای، کـە بەشـێوەی پشـتێنەیەکی درێژبـۆوە لـە باکـووری رۆژئـاوا بـۆ باشـووری رۆژهـەڵات درێژبووەتـەوە، بەرزیـی لـە نێـوان (٤٠٠-٥٠٠م) لەئاسـتی رووی دەریـاوە، بـەڵام بەشـی هـەرە نزمیـی قەزاکـە ئەکەوێتـە بەشـی باشـووری رۆژهـەڵات، کـە بەرزییەکـەی (٣٠٠م) ئەبێـت لـە ئاسـتی رووی دەریـاوە، نەخشـەی(٢)، یەکێـک لـە توانسـتە گرنگەکانـی گەشـتوگوزار بوونـی ئـەو دیمەنـە سرووشـتییانەیە کـە لـە ئەنجامـی بەرزیـی و نزمییەکانـی رووی زەوییـەوە درووسـت ئەبـن، ئـەم دیمەنانـە تێکـەڵ بـە دیمەنـە سرووشـتییەکانی تـری وەک (چـەم و رووبـار، کانیـاو، رووپۆشـیی رووەکیـی، ئـاژەڵ و باڵنـدە کێوییـەکان) ئەبـن، دواجـار هەموویـان پێکـەوە ئەبـن بـە هـۆی دەرکەوتـن و دروسـتبوونی چەندیـن مەڵبەندیـی راکێشـانی گەشـتیاریی و چەندیـن دەرفەتـی جیـاواز فەراهـەم ئەکـەن بـۆ بەجێهێنانـی چالاکییـە گەشـتوگوزارییە جیـاوازەکان، بـە مەبەسـتی بەسـەر بردنـی کات و وەرگرتنـی چێـژ و بینینـی دیمەنـی جوانـی سەرنجراکێش(السـعدون،١٩٨٨،ص٥٠).

نەخشەی (٢)

بەرزیی و نزمیی قەزای دەربەندیخان




سـەرچاوە/ کاری توێـژەر پشتبەسـت بـە: حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، بەڕێوبەرایەتـی ئامـاری سـلێمانی، بەشـی GIS، نەخشـەی بەرزیـی و نزمیـی قـەزای دەربەندیخـان، ٢٠٢٠.

جیـاوازی بەرزیـی و نزمیـی و جیۆمۆرفۆلۆجیـی ناوچـەی توێژینـەوە، بۆتـە هـۆی دەوڵەمەنـدی ئـەم ناوچەیـە بـە دیمەنـی سرووشـتیی جۆراوجـۆر، ئەمـەش بـە توانسـتێکی گرنگیـی راکێشـانی گەشـتیاریی دائەنرێـت، کـە بۆتـە هـۆی درووسـتبوونی دیمەنـی سرووشـتیی جوانیـی وەک زنجیـرە چیایـی بـەرز کـە شـوێن و دیمەنـی جوانیـی سەرنجڕاکێشـی درووسـتکردووە وەک

( چیای بەرانان، گوڵان، زمناکۆ، شەمێران، بیزل) و ئەشکەوتیی (کونەبا، کونە شەمشەم) و دۆڵی (توونی بابا عومەر)، جگە لە جوانییە سرووشتییەکەیان بوون بە لانکەی چەندین ئاژەڵی کێویی.

## سێیەم/ ئاووهەوای گەشتیاریی:

ئاووهەوا یەکێکە لە توانستەکانی جوگرافیای سرووشتیی و فاکتەرێکی گرنگە لەسەر سەرهەڵدان و پێشکەوتنی گەشتوگوزار و راکێشانی گەشتیاران، هەروەها فاکتەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی درێژی کەژی گەشتیاریی (Seasonality) و تەندرووستیی گەشتیاران لە ناوچە گەشتوگوزارییەکاندا (p1,٢٠٠٤,Mcboyle)، تایبەتمەندییەکانی ئاووهەوای قەزاکە و رادەی گونجاوی بۆ گەشتوگوزار ئەخەینەڕوو بەم شێوەیە:

تیشکی خۆر: ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر بە هۆکارێکی ئاڕاستەکردنی جوڵەی گەشتیاریی دائەنرێت، بە تایبەتیی لەناوچە ساردەکان و ئەو ناوچانەی ماوەی کەوتنی تیشکی خۆری تێدا کەمە(موسی،١٩٩٧ص٣٠)، لەبەرئەوە گەشت و سەیرانی ناوچەکە لە شێوەی کراوەیە، بۆیە تەنها ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر یان درێژی رۆژ گرنگ نییە، ئەبێت هاوکات بێت لەگەڵ (پلەی گەرمیی، خێرایی با، رێژەی شێ)ی گونجاو بۆ ئەوەی ئارامییەکی رێژەیی لە کەشێکی کراوەدا بۆ گەشتیار دەستەبەر بکات، سەبارەت بە ماوەی تیشکیی خۆری راستەقینە، بە روانیین لە خشتەی (١) ئەکرێت بڵێین، تێکڕای کاژێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر و لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر جیاوازە، بە جۆرێک ژمارەی کاژێرەکانی خۆرکەوتن لە وەرزی بەهاردا ئەگاتە (٧:٠٣) کاژێر، ئەمەش کاتێکی شیاوە و ئەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ گەشت و سەیران، چونکە هاوکاتە لەگەڵ گونجاوی ئاووهەوا و زۆری رووپۆشیی رووەکیی، بەڵام لە وەرزی هاوین دا کاژێرەکانی خۆرکەوتن ئەگەنە ئەو پەڕی بەرزیی و دەگاتە (١٠:٠٣) کاژێر، سەرەڕای زۆری کاژێرەکانی خۆرکەوتن لە وەرزی هاوین دا نابێت بە هاندەر بۆ بەجێهێنانی پرۆسەی گەشت و سەیران لە ناوچەکەدا، بە هۆی نیمچە ستوونی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر و بەرزیی پلەی گەرمیی، لە وەرزی پاییزدا کاژێرەکانی خۆرکەوتن ئەگاتە (٧:٠٧) کاژێر، ئەمەش کاتێکی گونجاوە و ئەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، چونکە هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی پلەی گەرمیی، ئەوەی تایبەتە بە وەرزی زستان، ژمارەی کاژێرەکانی خۆرکەوتن تیادا ئەگاتە (٥:٠٣) کاژێر، بەڵام بەهۆی نزمیی پلەی گەرمیی و زۆری رۆژەکانی باران بارین و کەمیی کاتی کەوتنی تیشکی خۆر سوودێکی ئەوتۆی لێنابینرێت، تێکڕای کەوتنی تیشکی خۆری ساڵانە ئەگاتە (٧:٢٩) کاژێر، لە ناوچەی توێژینەوەدا.

پلەی گەرمیی: باشترین پلەی گەرمیی هەوا لە رووی گەشتیارییەوە ئەو پلەیەکە نزیکە لە پلەی گەرمیی ناوەوەی لەشی مرۆڤەوە، پلەی گەرمیی (١٨-٢٥)پلەی سەدیی دائەنرێت بە پلەیەکی نمونەیی بۆ حەوانەوەی مرۆڤ و چالاکییەکانی (الموسوي:٢٠١١ص٣٤٩)، بە جۆرێک ئەگەر پلەی گەرمیی لە (١٥) پلەی سەدیی کەمتر بێت و لە (٢٨) پلەی سەدیی زیاتر بێت، ئەوا بە پلەیەکی گەرمیی نەگونجاو دائەنرێت و ئەبێت بە هۆی بێزاریی گەشتیاران، بە تایبەتیی بۆ ئەو جۆرە گەشتوگوزارییانەی کە لە ئاووهەوایەکی کراوەدا ئەنجام ئەدرێن، ئەمەش بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی گەشتیار و جۆری خواردن و چالاکییەکان و پۆشاکی لەبەرکراو ئەگۆڕێت،(موسی:المصدر السابق،ص٢٤-٢٥).

سەبارەت بە پلەی گەرمیی ناوچەی توێژینەوە، وەک لە خشتەی (١) و(٢) خراوەتەڕوو، بۆمان دەرئەکەوێت، کە تێکڕای پلەی گەرمیی مانگەکانی (نیسان، مایس، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم) ئەکەونە ناو چوارچێوەی پلەی گەرمیی خواستراو بۆ حەوانەوەی مرۆڤ، ئەمەش کاتێکی باشە و ئەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ گەشت و سەیران چونکە هاوکاتە لەگەڵ گونجاوی ئاووهەوا و زۆری رووپۆشیی رووەکیی، ئەمە جگە لەوەی کە تێکڕای پلەی گەرمیی ساڵانەی

ناوچەی توێژینەوەش ئەکەوێتە ناو هەمان چوارچێوەوە، ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە لە کەژی گەشتیاریی (ئازار - ئەیلول)دا زیادەڕەوییی لە پلەکانی گەرمیی دەرناکەوێت، چونکە مەودای گەرمیی لەو (٧) مانگەدا، ئەگاتە (١٣،٤) پلەی سەدیی، هەروەها مەودای گەرمیی هیچ مانگێکی ساڵ لە (١٥)پلەی سەدیی زیاتر نییە، لەکاتێکدا نزمترین پلەی گەرمیی بە پلەی گەرمیی شەو دابنێین، پلەی گەرمیی شەوەکانی مانگەکانی (مایس، حوزەیران، ئەیلول، تشرینی یەکەم) باشن بۆ تەندروستیی و بەخشینی ئارامیی (حەوانەوە) بۆ مرۆڤ.

بایەکان: بایەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر چالاکییە گەشتوگوزارییەکان هەیە، باشترین جۆری با ئەوەیە لە شێوەی شنەبایەکی هێواشی ئارامکەرەوەدا بێت، خێرای با ئەگەر لە (٥م/چ) زیاتر نەبێت بە هۆکارێکی راکێشانی گەشتیاران دائەنرێت، بەڵام ئەگەر گەیشتە (١٧م/چ) یان زیاتر ئەبێت بە رێگر لە بەردەم چالاکییە گەشتوگوزارییەکاندا (الموسوي،المصدر السابق،ص٣٩٦)، سەبارەت بە خێرای با لە ناوچەی توێژینەوە، وەک لەخشتەی (١) خراووەتەڕوو بۆمان دەرئەکەوێت، کە بەرزترین خێرایی با ئەکەوێتە وەرزی زستان، کە خێراییەکەی ئەگاتە (٢،٦مەتر/چ) و نزمترین خێرایی با ئەکەوێتە وەرزی پاییز، کە خێراییەکەی دەگاتە (٢،٣ م/چ)، لە هەر دوو وەرزی بەهار و هاوین دا تاڕادەیەک هەمان ئاستی خێرایی بایان هەیە، کە خێراییەکەیان هەریەک بە دوای یەکدا (٢،٥م/چ )و( ٢،٤م/ چ)یە، هەروەها تێکڕای خێرایی با لە کەژی گەشتیاریی (ئازار - ئەیلول) دەگاتە (٢،٤م/چ )، ئەکەوێتە هەمان ئاستی شنەبای هێواش و ئارامکەرەوە ، لەبەرئەوە ئەتوانین بڵێین، خێرایی با لە ناوچەی توێژینەوەدا خێراییەکی گونجاوی هەیە، لە ئاستی ئەو خێراییانە ئەوەستێت، کە لە لایەن پسپۆڕانی بواری گەشتوگوزاریی دیاریکراوە.

شێی رێژەیی: شێی رێژەیی بە دووەم رەگەزی ئاووهەوایی دائەنرێت لە رووی گرنگیی گەشتوگوزارییەوە، رۆڵێکی کارا ئەگێرێت لە هەستی ئارامیی مرۆڤ و چالاکییەکانی، لە رێگای دیاریکردنی کارای گەرمیی، چونکە ناکرێت هەر دوو رەگەزی گەرمیی و شێ لە یەک جیابکرێتەوە، لە بواری کاریگەریی لەسەر مرۆڤ، شێی رێژەیی (٤٠٪-٦٠٪) بە رێژەیەکی زۆر گونجاو بۆ لەشی مرۆڤ دائەنرێت لە رووی کارای گەرمیی پەسند (الموسوي،نفس المصدر،ص٢٧٠)، وەک لە خشتەی (١) خراوەتەڕوو، بۆمان دەرئەکەوێت، کە بەرزترین رێژەی شێ لە مانگە ساردەکانی وەرزی زستان دا تۆمارکراوە، بە رێژەی (٦٣،٦٪)، لە کاتێکدا نزمترین رێژەی شێ ئەکەوێتە مانگە گەرمەکانی وەرزی هاوین، بە رێژەی (١٧،٨٪)، سەبارەت بە هەر دوو وەرزی بەهار و پاییز ، ئاستێکی ناوەندییان وەرگرتووە، بە جۆرێک کە لە وەرزی بەهاردا رێژەی شێ (٤٦،٧٪) و لە وەرزی پاییزدا زیاتر دائەبەزێت بۆ ( ٣٥،٦٪)، هەروەها دەرئەکەوێت کە تێکڕایی رێژەی شێ لە کەژی گەشتیاریی (ئازار - ئەیلول) دا ئەگاتە (٣٠،٥٪) ئەمەش تێکڕاییەکی گونجاوە و یارمەتی زیادکردنی چالاکیی گەشتیاران و ئاسانی پیادەکردنی چالاکییە گەستوگوزارییەکان ئەدات.

دابارین و چڕبوونەوە: باران بارین سیمای سەرەکیی دابارینە لە ناوچەی توێژینەوەدا، بەڵام بەفربارین کە رەگەزێکی گرنگیی گەشتیارییە، بارینی تا رادەیەک کەمە، ساڵانە نزیکەی (٢٢سم) ئەبارێت ،بە سەرنجدان لە خشتەی (١) دەرئەکەوێت، کەمیی ژمارەی رۆژە باراناوییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا، وایکردووە ناوچەکە بایەخی گەشتوگوزارییەکەی زیاتر بێت و زۆرترین رۆژەکانی ساڵ لە بارین بۆ پیادەکردنی چالاکیی گەشتوگوزاریی، بە جۆرێک کۆی رۆژە باراناوییەکانی ساڵ (٥٩,٥) رۆژە ، هەروەها کۆی ژمارەی رۆژە باراناوییەکان لە کەژی گەشتیاریی (ئازار-ئەیلول)دا بریتییە لە (٢٠,٥) رۆژ و ناوەندیی مانگانەی رۆژە باراناوییەکان لە کەژی گەشتیاریی دا (ئاراز- ئەیلول)دا بریتییە لە (٢,٩) رۆژ، ئەمەش رێگە بە گەشتیار ئەدات،کە چالاکییە گەشتوگوزارییەکانی تایبەت بە خۆی بەجێبهێنێت.

خشتەی (١)

رەگەزەکانی ئاووهەوای گەشتیاریی لە قەزای دەربەندیخان دا، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٠)

| رەگەزەکان | زستان | | | | بەهار | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات | تێکڕای زستان | ئازار | نیسان | مایس | تێکڕای بەهار |
| تیشکیی خۆر | ٥:٠١ | ٥:٠١ | ٥:٠٨ | ٥:٠٣ | ٦:٠٤ | ٧:٠١ | ٨:٠٤ | ٧:٠٣ |
| ب،پلەی گەرمیی | ١٤ | ١١،٢ | ١٤،١ | ١٣،١ | ١٩،١ | ٢٨،٦ | ٣٢،١ | ٢٦،٦ |
| ن،پلەی گەرمیی | ٧،٤ | ٤،٥ | ٥،٩ | ٥،٩٣ | ٩،٢ | ١٣،٦ | ١٩،٧ | ١٤،١٦ |
| خ،با م/چ | ٢،٤ | ٢،٥ | ٢،٨ | ٢،٦ | ٢،٧ | ٢،٤ | ٢،٤ | ٢،٥ |
| شێی ڕێژەیی | ٦٥،٢٧ | ٦٣،١٧ | ٦٢،٣٢ | ٦٣،٦ | ٥٦،٥٥ | ٥١،٨٦ | ٣١،٧٧ | ٤٦،٧ |
| بارانبارین | ١٠١،٣ | ١٣٤،٦ | ١٠٣،٣ | ٣٣٩،٢ | ٩٢،٣ | ٦٣،٥ | ٢٦،٥ | ١٨٢،٣ |
| ژ.ڕۆژە بەبارانەکان | ٩ | ١٠.١ | ٩.٨ | ٩.٦٣ | ٩.٤ | ٦.١ | ٤.١ | ٦.٥٣ |
| بەفربارین/سم | ١٣ | ٢٢ | ٣٠ | ٢٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| رەگەزەکان | هاوین | | | | پاییز | | | |
| | حوزەیران | تەمووز | ئاب | تێکڕای هاوین | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | تێکڕای پاییز |
| تیشکیی خۆر | ١٠:٠٣ | ١٠:٠٥ | ١٠:٠١ | ١٠:٠٣ | ٩:٠٢ | ٧:٠٥ | ٦:٠٥ | ٧:٠٧ |
| ب،پلەی گەرمیی | ٣٩،٨ | ٤٣،٥ | ٤٣،٢ | ٤٢،١٦ | ٣٨،٦ | ٢٩،٣ | ١٩،٨ | ٢٩،٢٣ |
| ن،پلەی گەرمیی | ٢٦ | ٢٩،١ | ٢٨،٦ | ٢٧،٩ | ٢٤،٧ | ١٨،٧ | ١١،٩ | ١٨،٤٣ |
| خ،با م/چ | ٢،٤ | ٢،٤ | ٢،٥ | ٢،٤ | ٢،٣ | ٢،٣ | ٢،٤ | ٢،٣ |
| شێی ڕێژەیی | ١٦،٩٢ | ١٦،٨٣ | ١٩،٦٩ | ١٧،٨ | ٢٠،٠٥ | ٣٦،٧٦ | ٤٩،٩٧ | ٣٥،٦ |
| بارانبارین | ٠،٧ | ٠ | ٠ | ٠،٧ | ٠،٩٨ | ١٣،٢ | ٨٣،٢ | ٩٧،٣٨ |
| ژ.ڕۆژە بەبارانەکان | ٠.٣ | ٠ | ٠ | ٠.١ | ٠.٦ | ٣ | ٧ | ٣.٥٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتیی گشتی بەندا و کۆگاکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوی دەربەندیخان، بەشی کەشناسیی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٠٢-٢٠٢٠.

خشتەی (٢)

بەهای پارسەنگی پشوو THI (Di)  بۆ ناوچەی توێژینەوە

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩,١ | ١٠,٩ | ١٤,٢ | ١٧,٩ | ٢١,٦ | ٢٤,٥ | ٢٦,٣ | ٢٦,٤ | ٢٤,١ | ٢٠,٧ | ١٥,٥ | ١١,٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە جێبەجێکردنی هاوکێشەی پارسەنگی پشوو THI ( Di )  پشتبەست بە خشتەی (١) .

## چوارەم/ دەرامەتە ئاوییەکان:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەچالاکیی گەشتوگوزارییەوە هەیە، چونکە زۆربەی چالاکییە گەشتوگوزارییەکان پەیوەستن بە ئاوەوە، پلەی گرنگیی دەرامەتی ئاو لە رووی گەشتوگوزارییەوە پشت ئەبەستێت بە خەسڵەتەکانی ئاو لە رووی (بڕ، جۆر، تایبەتمەندیەکەی و توانای بەکارهێنان)ی(النقشبندي،٢٠٠٤،ص٨٩)، هەرێمە ئاووهەواییەکان و شوێنی جوگرافیاییان، بە تایبەتیی ئەگەر هاتوو فاکتەر و خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بۆ خستنەرووی گەشتوگوزاریی دابین کرا،

بـە شـێوەیەک، کـە رێـگا بـۆ گەشـتیاران خـۆش بـکات لـە بـەردەم پیادەکردنـی چالاکییـە گەشـتوگوزارییە ئاوییـەکان، وەک (مەلەکـردن، چوونـە ژێـر ئـاو ، راوکـردن، سـەوڵ لێـدان و ..هـی تر)(رەشـید،٢٠٠٨،ل١٠٤-١٠٥).

ناوچـەی توێژینـەو، ناوچەیەکـی گرنگیـی سامانی ئاوییـە، دەوڵەمەنـدە بـە ئـاوی سـەرزەویی و ئـاوی ژێـر زەویـی، کـە بـە هۆکارێکـی سـەرەکیی دائەنرێـت لـە سـەرهەڵدانی چەندیـن ناوچـەی گەشـتوگوزاریی لـە ناوچەکـەدا، لـە گرنگتریـن سـەرچاوە ئاوییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە بریتیـن لـە:

## یەکەم/ ئاوی سەرزەویی:

رووبـارەکان: سـەرجەم ئـەو ئاوانـە ئەگرێتـەوە، کـە بەسـەر زەویـی دا رێ ئەکـەن و سـەرنجی گەشـتیاران بـە لای خۆیانـدا رائەکێشـن، کـە رێڕەوەکانـی خاوەنـی دیمەنـی جوانیـی و گونجـاوی سرووشـتیین بـۆ گەشـتوگوزاریی لـە رێـگای دانیشـتن لـە کەنارەکانـی و پیادەکردنـی چالاکیـی راوەماسیی و مەلەوانیـی و گـەڕان بـە بەلـەم بەناویـدا، سـەبارەت بـە ناوچـەی توێژینـەوە ئـەم رووبـارو چەمانـەی خـوارەوە ئەگرێتـەوە:

رووبــاری ســیروان: لــە زنجیــرە چیاکانــی زاگــرۆس و باکــووری رۆژئــاوای رۆژهەڵاتــی کوردســتان ســەرچاوەی گرتووە(علاءالدیـن،٢٠١٣،ص٤٠)، درێژییەکـەی ئەگاتـە ( ٣٨٤کـم)، کـۆی گشـتی رووبـەری ئاوەزێـی رووبـاری سـیروان لـە هـەر دوو وڵاتـی ئیـران و عێـراق ئەگاتـە (٣٢٨٧٤ کـم٢), رووبـەری (١٩٧٠٨ کـم٢) ئەکەوێتـە وڵاتـی ئێرانـەوە، کـە ئەگاتـە(٥٩.٩٥٪)، رووبـەری (١٣١٦٦کـم٢) ئەکەوێتـە خاکـی عێراقـەوە، کە ئەگاتـە (٤٠.٥٠٪) کـۆی رووبـەری ئاوزێڵەکەی(إسـماعیل:٢٠٠٤،ص٤٨)، تێکـڕای لەبەرڕۆشـتنی سـاڵانەی ئەگاتـە (١٧٠،١ م٣/چرکـە) و تێکـڕای داهاتـی ئـاوی سـاڵانەی (٤،٥ملیار/ م٣)یـە، لـە ( ٥،١١٪ )ی کـۆی داهاتـی ئـاوی رووبـاری دیجلـە دابیـن ئەکات(العبـادي،٢٠١٢،ص١٤).

چەمـی زەمـکان : لـە بەشـی باشـووری چیاکانـی (شـاهان)ەوە بـە دووری (٦٢ کـم)ی باکـووری رۆژئـاوای (ئیسـلام ئابـاد)ەوە سـەرچاوە ئەگرێت،(مصطفـی،٢٠١٤،ص١٥)، درێژییەکـەی (٦٠کـم) و رووبـەری ئاوزێڵەکـەی ئەگاتـە (١٨٠٠ کـم$^2$)، تێکـڕای لەبەرڕۆشــتنی (٥،١٤م٣/چرکـە)، (The Directorate of irrigation & Surface Water in Sulaimanyah, p٤,٢٠٠٨) ، بـە ئاڕاسـتەی باکـووری رۆژئـاوا رێ ئـەکات، بـە هـۆی بەرزیـی و نزمیـی و لێژیـی ناوچەکـەوە، لـە باکـووری رۆژئـاوای گونـدی (لاوەران) ئەڕژێتـە رووبـاری سـیروانەوە و بڕێکـی زۆر نیشـتوو لەگـەڵ خـۆی هێناوە(سـەردانی مەیدانـی:٢٠٢١/٩/١٧).

چەمـی دێوانـە: چەمـی دیوانـە لـە لـق و چەمـە هەمیشـەیی و وەرزییەکانـی ناوچـەی قـەرەداغ و بەرزاییەکانـی (سـەگرمە، بەرانــان، کۆلــۆش، گــوڵان) ســەرچاوە ئەگرێــت، بــە ئاڕاســتەی باشــووری رۆژهــەڵات ئــەڕوات، بــە دووری (٥،٤کــم) لــە بەنــداوی دەربەندیخــان، ئەڕژێتــە رووبــاری ســیروان(صابر،٢٠١٤،ل١٧١)، رووبــەری ئاوزێڵەکــەی ئەگاتــە (٢٠،٦٠١کــم٢)، (درویــش،٢٠١٩،ص٣١).

دەریاچـەکان: دەریاچـەکان سرووشـتیی یـان دەسـتکردبن، ئەبـن بـە شـوێنی راکێشـانی سـەرنجی گەشـتیاران ، بـە تایبەتیـی بـۆ ئـەو دەوڵـەت و هەرێمانـەی سـنووری ئاوییـان نییـە، سـیفەتی کیشـوەریی زاڵـە بەسـەریاندا، یـان ئـەو دەوڵەتانـەی کەنـاری دەریـا و ئۆقیانوسـەکانیان بـۆ پیادەکردنـی چالاکییـە گەشـتوگوزارییەکان ناگونجێـن، وەک زۆربـەی دەوڵەتانی باکـووری ئەورووپـا بـە هـۆی ساردیی و بەسـتویی ئاوەکانیانـەوە یـان بـە هـۆی جیۆمۆرفیـی کەنارەکانیـان، بـە کەڵکـی چالاکییـە گەشـتوگوزارییەکان نایـەت، چونکـە ئەبێـت پلـەی گەرمیـی چینـی سـەرەوەی سـەرچاوە ئاوییـەکان لـە (١٨) پلـەی سـەدیی کەمـتر نەبێـت، ئـەو کات بـۆ پیادەکردنـی چالاکییـە جۆربەجۆرەکانـی گەشـتوگوزاریی ئـاوی ئەگونجێـت، هـەر لـە (مەلەکـردن، خلیسـکان لەسـەر ئـاو، چوونەژێرئـاو، سـەوڵ لێـدان، راوەماسـیی....هی تر)،(یونـس، بـدون سـنة،ص٣١).

ئـەو دەریاچانـەی لـە ناوچـەی توێژینـەوە دایـە، بەگرنگتریـن دەرامەتـە ئاوییـەکان دائەنرێـت و بنەمـای گەشـتوگوزاریی بەرچـاو پێکدەهێنـن، لێرەدا باسـی هـەر یـەک لـە دەریاچـەی دەربەندیخـان و بەنـداوی دێوانـە ئەکەیـن لەبـەر گرنگییـان بـۆ گەشـتوگوزار:


دەریاچەی دەربەندیخان : ئەم دەریاچەیە لەسەر رووباری سیروان بنیاتنراوە، ئاستی پاشەکەوتکردنی ئەگاتە (٧،٣ملیار/م٣) کە (٥٧،٢ ملیار/م٣)ی ئاوگری زیندووە و (٢٨ملیار/م٣) ئاوگری مردووە(وزارة الزراعة والري،١٩٨٩،ص٥١)، رووبەری ئاوزێڵی دەریاچەی دەربەندیخان (١٧٨٥٠کم٢)یە، کە یەکێک لە ئامانجەکانی درووستکردنی بەنداوی دەربەندیخان گەشتوگوزارو خۆشگوزەرانییە،(Toma,٢٠١٣,p٢٤).

بەنداوی دێوانە: ئەم بەنداوە لەسەر چەمیی دێوانە بنیاتنراوە، توانای گلدانەوەی (٢١ملیۆن/م٣) ئاوی هەیە،(بەڕێوبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان:بەشی جیۆلۆجی،٢٠٢٠)، ئامانجی سەرەکیی ئەم بەنداوە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ دانیشتوانی شارۆچکەی دەربەندیخان، بەڵام ئەکرێت سوود لە بەنداوەکە وەربگیرێت بۆ دامەزراندنی شاری گەشتیاریی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچەکەدا.

دووەم/ ئاوی ژێر زەویی: لە ناوچەی توێژینەوەدا گەنجینەی ئاوی ژێر زەویی ( قەرەداخ - دێوانە ) هەیە، کە لە دۆڵێکی چەماوەیی قوپاو پێکدێت، ئەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی ( بەرانان، سەگرمە، گوڵان ) رووبەرەکەی ئەگاتە (٢٦٠کم٢) ، لەسەر رووی چەمی دێوانە و بە ئاڕاستەی باشووری رۆژهەڵات درێژ ئەبێت بەوە تا ئەگاتە رووباری سیروان، هەروەها ناوچەی توێژینەوە خاوەنی (١١)کارێز و (٢٩٨)کانییە، زیاتر لە (٥٨) بیری مۆڵەتداریی هەیە(بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ،دەربەندیخان، ٢٠٢٠). کە ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گەشتیاران ، وەک (ئاوی خواردنەوە و خۆشۆردن ) لە ناوچە و دامەزراوە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

نەخشەی (٣)

دەرامەتی ئاوی سەرزەویی لە قەزای دەربەندیخان دا




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی ئاوی سەرزەویی لە قەزای دەربەندیخان ، ٢٠٢٠.

## پێنجەم/ ڕووەکیی سرووشتی و ئاژەڵی کێویی:


یەکەم/ ڕووەکیی سرووشتی: گرنگییەکی زۆری لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە هەیە، کە ببێت بە هۆی پاککردنەوەی هەوا لە گازەکان و تۆز و تەنۆچکەکان، هەروەها هەڵدەستێت بە پاراستنی پلەی گەرمیی گونجاو و هاوسەنگکردنی و مرۆڤ هەست بە ئارامیی ئەکات،(اسود،٢٠١٤،ص٤٩).

دارستانەکانی ناوچەی توێژینەوە لە چەندین خێزان و جۆر و ڕەگەزی جیاوازیی دار و درەخت پێکدێت، هەرە جۆری بەربڵاو لە دارستانی سرووشتیی لە ناوچەی توێژینەوەدا لەو جۆرەیە، کە گەڵاکانیان ئەوەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا (داری بەڕوو) بەرچاوترین جۆری داری بڵاوە لە دارستانەکانی ناوچەی توێژینەوەدا، نەخشەی (٣)، بەڵام جۆری بەربڵاو لە دارستانە دەستکردەکاندا لە جۆری داری (سەروو، سنۆبەر، یوکالیبتوس)ە(بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی سلێمانی: بەشی پلان، ٢٠٢٠)، ڕووبەری دارستانەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی (٢٠١٨) ئەگاتە (١٤٦،١٨کم٢) بە ڕێژەی (٢٥،٧٨٪) ی سەرجەمی ڕووبەری قەزای دەربەندیخان داگیر ئەکەن، (بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ وئاودێری: دەربەندیخان، ٢٠٢٠).

ئەوەی تایبەتە بە گژووگیا، ناوچەکە لە وەرزی بەهاردا دەوڵەمەندە بە گژووگیا و گوڵی جۆراوجۆر، لەگەڵ هەندێک ڕووەکیی تر، کە بۆ خواردنە و جێگەی سەرنجی گەشتیاران و سەیرانکەرانە، وەک (پیشۆک، دۆمەڵان، کەنگر، چاوبازە)، خەڵکانێکی زۆر وەک گەشت و سەیران لە وەرزی بەهاردا ڕووئەکەنە ناوچەکە بۆ دۆزینەوە و دەستکەوتنیان.

نەخشەی (٣)

دابەشبوونی ڕووەکیی سرووشتیی لە قەزای دەربەندیخان دا




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی ڕووەکیی سرووشتیی لە قەزای دەربەندیخان دا ، ٢٠٢٠.

دووەم/ ئـاژەڵ وباڵنـدە کێوییـەکان: لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا چەنـد جۆرێـک لـە ئاژەڵـی کێویـی بوونـی هەیـە، کـە ئەوانیـش دوو جـۆرن هەندێکیـان مەترسـیدارن و گۆشـتخۆرن، کـە کاریگەریـی نەرێنییـان لەسـەر چالاکیـی گەشـتوگوزاریی هەیـە، وەک (گـورگ، رێـوی، چەقـەڵ، کەمتیـار، پشـیلەی کێویـی، بـەراز، پڵنـگ)، جۆرەکـەی تریـان گیاخـۆرن، وەک (بزنـی کێویی، کەروێشـک، ژیـژک، ئاسـک، کەڵەکێویـی)، ئەمانـە هیـچ مەترسییەکیان لەسـەر ژیانـی گەشـتیاران نییـە، بـە پێچەوانـەوە یەکێکـن لـە توانستە سرووشـتییەکانی راکێشـانی گەشـتیاریی.

سـەبارەت بـە باڵنـدەی کێویـی، ژمارەیەکـی زۆر لـە باڵنـدە کێوییـەکان، لـە دارسـتان و دەشـت و چیـاکان و نزیـک سـەرچاوە ئاوییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوەدا ئەژیـن، کـە دوو جـۆر ئەگرێتـەوە، هەندێکیـان بـە درێژایـی سـاڵ لـە ناوچەکـە ئەمێننـەوە و، چەنـد جۆرێکـن وەک (سوێسـکە، کـەو، پـۆڕ، کۆتـرە شـینکە، ماسـی گـرە، واشـە، هەڵـۆ، کونەپەپـوو، دارکونکـەرە، شەمشـەمەکوێرە، چۆلەکـە پاسـاریی ... هـی تـر)، هەندێکـی تریـان کۆچبـەرن لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر بەپێـی وەرزەکان، وەک (حاجـی لـەق لـەق، پەرەسـێلکە، قەتـێ ، قەلـەڕەش ، پەپووسـلێمانە ، واق، نـەورەس، ...هـی تـر )، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناوچـەی توێژینـەوە دەوڵەمەنـدە بـە سـامانی ماسـیی، بەهـۆی زۆری سـەرچاوە ئاوییـەکان لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا، ئەمـەش بنەمایەکـی گرنگـە بـۆ راکێشـانی گەشـتیاران، بـە جۆرێـک گەشـتیار روو لـەو رووبـەرە ئاوییانـە ئـەکات، کـە بـە سـامانی ماسـیی دەوڵەمەنـدە، بـۆ مەبەسـتی راوکردنـی تاکەکەسـی و بەسـەربردنی کاتێکـی خـۆش، کـە ئەکەوێتـە بـواری چالاکیـی گەشـتوگوزاریی،(احمد،٢٠١٤،ص٧٣).

## تەوەری دووەم/ کێشەکانی بەردەم گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوە دا:

ناوچـەی توێژینـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی خاوەنـی چەندیـن توانسـتی سرووشـتییە ، بـەڵام تاوەکـوو ئێسـتا نەتوانـراوە بـە شـێوەیەکی زانسـتیی سـوودیان لێوەربگیرێـت بـۆ خزمەتکردنـی کەرتـی گەشـتوگوزاریی و بەشـداریی کارای هەبێـت لـە بەرزکردنـەوەی داهاتـی تاکەکـەس و ئابووریـی نەتەوەیـی، هەروەهـا نەتوانـراوە داواکارییەکانـی گەشـتیاران لـە رووی ئاسـانکاریی و خزمەتگوزارییـەوە دابینبکرێـت، توێـژەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە فۆڕمـی راپرسـیی ئامادەکردبـوو بـۆ وەرگرتنـی راوبۆچوونـی گەشـتیاران و دیاریکردنـی ئـەو کێشـانەی رووبەڕوویـان ئەبێـت بـەوە لـە کاتـی سـەردانکردنیان بـۆ ناوچـە جیاوازەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە، کـە نزیکـەی (٦)مانگـی خایانـد و بەشـێوەیەکی راستەوخۆ و ئەلیکترۆنیـی ئەنجام دراوە، دوای کۆکردنـەوە و جیاکردنـەوە (٢٧٦) فـۆڕم بـە تەواوەتـی کاری لەسـەر کـراوە، دواتـر پۆلێنکـراون، ئـەو کێشـانەی رووبەرووی گەشـتیاران و کەرتـی گەشـتیاریی بۆتـەوە، ئەخەینـەڕوو بـەم شـێوەیە:

کەمیـی خزمەتگـوزاری ژێرخانـی ئابـووری یەکێکـە لـە کێشـە هـەرە سـەرەکییەکانی بـەردەم پلاندانانـی گەشـتیاریی بـە تایبەتیی رێگاوبـان، لەگـەڵ ئـەوەی ناوچـەی توێژینـەوە چەندیـن رێـگای سـەرەکیی و لاوەکیـی تیادایـە، بـەڵام هەڵسـەنگاندنیان لـە رووی چۆنێتیـی و چەندێتییـەوە بەشـێوەیەکی گونجـاو نیـن کـە خزمەتـی گەشـەپێدانی کەرتـی گەشـتوگوزاریی بکـەن، چونکـە گەشـتوگوزار پێویسـتی بـە رێگاوبـان و شـێوازی گواسـتنەوەی هەمەجـۆر و پێشـکەوتوو هەیـە، بـۆ گواسـتنەوەی گەشـتیاران بـە ئاسـانی و کەمتریـن تێچـوو، بـە هـۆی ئـەوەی ناوچـەی توێژینـەوە سرووشـتێکی بـەرز و نزمـی هەیـە و سـەرجەم رێـگاکان یـەک ئاڕاسـتە و تەسـکن، بۆیـە زۆرجـار ئەبێـت بـە هـۆی رووداوی هاتووچـۆ و داخرانـی تونێلیـی دەربەندیخـان، کـە لـە لای دانیشـتوانی ناوچەکـە بـە رێـگای مـەرگ نـاسراوە، هەروەهـا بۆتـە کۆسـپ لـە بـەردەم گەیشـتنی گەشـتیاران بـۆ ناوچەکـە، بۆیـە بەرزتریـن رێـژەی کێشـەکان لای گەشـتیاران کـە ئەگاتـە لـە(٣٩.١٪)، کەمیـی خزمەتگوزاریـی گەشـتوگوزاریی پێکهێنـاوە، خشـتەی (٢).

کێشــەی موڵکایەتیــی یەکێکــە لــە گرنگتریــن کۆســپەکانی بــەردەم کەرتــی گەشــتوگوزاریی لــە ناوچــەی توێژینــەوەدا، دانیشـتوانی نزیـک ناوچـە گەشـتوگوزارییەکان خاوەنـی موڵکەکانـن، خۆیـان چەنـد خزمەتگوزارییەکـی گەشـتوگوزارییان تیـادا بنیاتنـاوە، وەک تەختکـردن و چیمەنتۆکـردن و دروسـتکردنی کەپـر، بـە مەبەسـتی بەکرێدانـی ئـەو جێگایانە و بەدەسـتهێنانی داهـات، بۆیـە لـە کاتـی دانانـی پلانێکـی گەشـتوگوزاریی گرفتـی موڵکایەتیـی دێتـە پێشـەوە، خـاوەن زەوییـەکان بـوار نـادەن دامـەزراوەی گەشـتوگوزاریی تیـادا بنیـات بنرێـت.

نەبوونــی ئــاوی خواردنــەوەی خاوێــن، کێشــەیەکی ســەرەکیی بــەردەم گەشــەپێدانی کەرتــی گەشــتیارییە لــە ناوچەکــەدا، بەهـۆی نەشـیاوی ئـاوی دەریاچـەی دەربەندیخـان و رووبـاری سـیروان بـۆ خواردنـەوە، بۆتـە هـۆی دابیـن نەکردنـی ئـاوی خاوێنـی خواردنـەوە لـە ناوچـە گەشـتوگوزارییەکاندا، هـۆکاری ئەمـەش بـە پلـەی یەکـەم ئەگەڕێتـەوە بـۆ بوونـی دامـەزراوە پیشەسـازییەکان و ئـاوەڕۆی شـاری سـلێمانی، کـە لـە رێگـەی چەمـی تانجـەرۆ تێکـەڵ بـە ئـاوی دەریاچـەی دەربەندیخـان ئەبێـت (امیـن،٢٠١٦،ل١١٨).

پیشـەی راوکـردن لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا یەکێکـی تـرە لـە کێشـەکانی بـەردەم پلاندانانـی گەشـتیاریی، لـە نێـوان سـاڵانی (٢٠١٥- ٢٠٢١)دا ژمـارەی ئـەو کەسـانەی هەسـتاون بـە چالاکیـی راوکـردن بـە شـێوەی نایاسـایی لـە شـاخەکان و دەریاچـەی دەربەندیخـان و رووبـاری سـیروان و چەمـی دێوانە ئەگاتـە (٦٨) کەس(بەڕێوبەرایەتی پۆلیسـی دارسـتان،دەربەندیخان،٢٠٢١)، بـەم شـێوەیە سـاڵانە ژمارەیەکـی زۆری ماسـیی و ئـاژەڵ و باڵنـدەی کێویی بە شـێوەیەکی نایاسـایی راو ئەکرێن، کە توانسـتێکی گرنگیـی گەشـتوگوزارین و هۆکارێکـن بـۆ بەجێهێنانـی پلاندانانـی گەشـتیاریی لـە ناوچەکـەدا.

دیـاردەی داربڕیــن و ســووتاندن یەکێکــی تــرن لــە کێشــەکانی بــەردەم پلاندانانــی گەشــتیاریی لــە ناوچــەی توێژینــەوەدا، وێنــەی (١)و(٢)، چونکــە دارســتان و رووەکیــی سرووشــتیی و رووەکیــی کەنــار رووبــار و چەمــەکان توانســتێکی گرنگــن بــۆ راکێشــانی گەشــتیاران و خۆشــکردنی ئاووهــەوا و گەشــتوگوزاریی هاوینــە، ئەمانــە هەموویــان کاریگەریــی نەرێنــی لەســەر پلانەکــە درووســت ئەکــەن، لــە نێــوان ســاڵانی (٢٠١٥- ٢٠٢١) دا زیاتــر لــە (٤٤٤٩) دۆنــم داری سرووشــتیی و پــوش و پــاوان لەســنووری ناوچــەی توێژینــەوەدا ســووتاون، هەروەهــا لەهەمــان مــاوەدا (١٠) هاوڵاتــی بــە هــۆی داربڕیــن دەســتگیرکراون(بەڕێوبەرایەتی پۆلیســی دارســتانی دەربەندیخان:بەشــی ئامــار، ٢٠٢١).

وێنەی (١)

سووتاندنی دارستانەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا

سەرچاوە/ ئەم وێنانە لە ئەرشیفی (بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستانی دەربەندیخان) لە ساڵی ٢٠٢١، وەرگیراوە،



وێنەی (٢)

بڕینی دارستانەکان لە ناوچەی توێژیینەوەدا



سەرچاوە/ ئەم وێنانە لە ئەرشیفی (بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستانی دەربەندیخان) لە ساڵی ٢٠٢١، وەرگیراوە،

٦- دیاردەی وشکی ئاوهەوا، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پلاندانانی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژیینەوەدا هەیە، هەرچەندە دیاردەیەکی سرووشتیی ئاووهەوایی کاتییە، بەڵام کار ئەکاتە سەر کەمبوونەوەی ئاوی چەم و رووبارەکان و بڕی ئاوی دەریاچەکان و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەویی و وشکبوونەوەی خاک و کەمبونەوەی رووپۆشیی رووەکیی و لەناوچوونی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان(ناصر،٢٠٢٢،ل٣٠)، ئەمەش بە یەکێک لە کاریگەرترین مەترسییە سرووشتییەکان دائەنرێت، کە کار ئەکاتە سەر چالاکییە جیاوازەکانی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا.
٧- نەبوونی دەزگایەکی راگەیاندنی تایبەت بە گەشتیاریی و رۆژنامەنووس و پێشکەشکاری شارەزای گەشتیاریی لە ناوچەکەدا بۆ هاندانی گەشتیاران بۆ سەردانکردنی قەزاکە و ناساندنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، ئەوانیش سەرجەم دەزگا و ئامێرەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو وەک (ریکلام، رادیۆ، تەلەفیزیۆن، نەخشە، پۆسکارت، ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت، فەیسبووک و تویتەر...هی تر)، بە پێی فۆڕمی راپرسییەکە نزیکەی (٧.٣٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە کە رووبەڕوویان بۆتەوە لە کاتی سەردانکردنیان بۆ ناوچەی توێژیینەوە.
٨- کەمیی کادری شارەزاو خاوەن بڕوانامە و ڕاهێنراو لە بواری گەشتیاریی لە ناوچەی توێژیینەوەدا، هەروەها نەبوونی رابەری گەشتیاریی (المرشد السياحي) راهێنراو کە شارەزایی تەواوی لە بنەماکانی پێشوازی و پێشڕەوی و ڕێنیشاندەریی و هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشتیار و بەرامبەرەکەیدا هەبێت، هەروەها نەبوونی ڕێبەری گەشتیاریی (الدليل السياحي) تایبەت بە ناوچەی توێژینەوە، کە تیایدا ناوچە گەشتوگوزارییەکان و زانیارییە سەرەکییەکان، کە گەشتیار پێویستە بیزانێت بەر لە بەجێهێنانی گەشت بۆ ناوچەکە نەخراوەتە روو، بۆیە لە (٧.٦٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە.
٩- کەمیی خزمەتگوزاریی سەرخانی ئابووریی (دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان)، وەک خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە (ئوتێل، مۆتێل، گوندی گەشتیاریی)و گازینۆ و جێشتخانەی گەشتیاریی و سەنتەرەکانی کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانیی، ئەگەر هەشبێت هیچ سیمایەکی گەشتوگوزارییان نییە، ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ پڕکردنەوەی داواکاریی گەشتیاران پێویستن، بۆیە رێژەی (٢٧،٢٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆکردووە.

خشتەی (٢)

کێشەکانی بەردەم گەشتیاران لە ناوچەی توێژینەوەدا

| ژ | خزمەتگوزارییەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|
| ١ | خراپی ڕێگاوبانەکان | ١٠٨ | ٣٩.١ |
| ٢ | کەمیی خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە | ٧٥ | ٢٧.٢ |
| ٣ | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە | ١٩ | ٦.٩ |
| ٤ | خراپی بارودۆخی ئاسایش | ٧ | ٢.٥ |
| ٥ | بەرزیی نرخی خزمەتگوزارییەکان | ١٤ | ٥.١ |
| ٦ | کەمیی زانیاری لەسەر ناوچەکە | ٢٠ | ٧.٣ |
| ٧ | نەبوونی ڕێبەری گەشتیاریی | ٢١ | ٧.٦ |
| ٨ | قەرەباڵغی لە شوێنی مانەوە و حەوانەوە | ١٠ | ٣.٦ |
| ٩ | هی تر | ٢ | ٠.٧ |
| کۆی گشتی | | ٢٧٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە / کاری توێژەرپشتبەست بە فۆڕمی ڕاپرسی.

١٠- بەرزیی نرخی شەمەک و خزمەتگوزارییەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە گەشتیاران ئاماژەیان بۆ کردووە بە ڕێژەی (٥.١٪)ی گەشتیاران، کە سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی گەشتیاران و کەمیی خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتیی لە بۆنە و چەژن و پشووەکان کە خواست لەسەر خزمەتگوزاریی ناوچە گەشتیارییەکان بەرزئەبێت بەوە.

١١- کەمیی یان نەبوونی هۆکاری گواستنەوەی پێشکەوتوو بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی توێژینەوە، گەشتیاران ناچار ئەبن ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمەش ئەبێت بە هۆی درووستبوونی کێشە و ڕووداوی هاتووچۆ و پیسکردنی ژینگەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، بۆیە لە (٦.٩٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ کردووە.

١٢- کەمیی ئوتێل و شوێنەکانی مانەوە، وایکردووە گەشتیار تووشی کێشە و گرفت ببێتەوە، چونکە نزیکەی (٩٠٪) ی ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری سلێمانی کۆبۆتەوە و زۆربەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان لێی بێبەشن، کە بە ڕێژەی لە(٣.٦٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ کردووە.

## تەوەری سێیەم/ پلاندانان و پەرەپێدانی ناوچەی توونی بابا عومەر وەک نموونەیەک لە پەرەپێدانی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا:

تونی بابا عومەر یەکێکە لە ناوچە گەشتوگوزارییە سرووشتییەکانی ناوچەی توێژینەوە، لە ڕۆژئاوای شاری دەربەندیخان بە دووری (١٥کم)، لە نزیک گوندی (پۆنگەلە) لەسەر ڕێگای سەرەکیی (دەربەندیخان-کەلار) هەڵکەوتووە، ئەکەوێتە نێوان دوو هێڵی کەنتۆریی (٣٥٠-١١٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، نەخشەی (٢)، لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە ئەکەوێتە نێوان دوو بازنەی پانیی(٣٥° ٠١' ٣٢"- ٣٥° ٠٤' ٠٢")ی باکوور و دوو هێڵی درێژیی (٤٥° ٣٧' ٣٠"- ٤٥° ٣٢' ١٠")ی ڕۆژهەڵات، ڕووبەری ئاوزێڵەکەی ئەگاتە (١٤،٠٦کم٢)، (طالب والاخرون،٢٠١٩،ص٥٠١)، لێرەدا ئەتوانین بڵێین، توونی بابا عومەر ناوچەیەکی گونجاوە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاریی سەرکێشیی لەبەر ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە:

توونەکە لە کۆمەڵێک ڕێڕەو(دەرە) پێکهاتووە، کە هەر ڕێڕەوێکیش کۆمەڵێک ڕێڕەوی تری لێ جیا ئەبێتەوە، کە

بەشێک لە رێڕەو (دەر)ەکانی توونی بابا تەنگ و تاریک و داخراون، جگە لەوەش هەندێکیش لە دەرەکان خاڵی کۆتاییان دیار نییە، بۆیە کاتێک گەشتیاران ئەچنە ناو توونەکە، بەهۆی زۆری دەرەکان و شێوەی لێکچوونیان، رێگای هاتنە دەرەوە ون ئەکات و سەری لێ ئەشێوێت.

پێکهاتەی توونەکە بریتییە لە چەو و بەرد و قسڵ، لەبەرئەوە کاتێک گەشتیاران بە دەنگی بەرز قسە بکەن، بەرد و چەو ئەکەوێتە خوارەوە، ئەمەش ئەبێت بە هۆی روودانی بارودۆخی نەخوازرا و برینداربوونی گەشتیاران، وێنەی(٣).

وێنەی (٣)

توونی بابا عومەر



سەرچاوە/ ئەم وێنانە لە لایەن توێژەر، لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢٥گیراوە.

لاتەنیشتەکانی زۆر بەرزن و مرۆڤ ناتوانێت پیایدا سەر بکەوێت، چونکە راماڵینەکە بەرە و قوڵایی بووە، نزمترین خاڵی (٣٤٦م) بەرزە لەئاستی رووی دەریاوە و بەرزترین خاڵیشی (١١١٧م) بەرزە لە ئاستی رووی دەریاوە، تێکڕای بەرزیی ئەگاتە (٨٥،٥٧م/کم)، ئەمە جگە لەوەی درێژییەکەی زۆرە و ئەگاتە (٩،١کم)(طالب والاخرون،مصدر سابق،ص٥٠٩)، گەشتیار ناتوانێت هەمووی ببڕێت، چونکە ئاوی تیادایە و زەوییەکەی نەرمە و قاچی پیادا ئەچێتە خوارەوە، ئەمەش ئەبێت بە هۆی ماندووبوونی گەشتیار و ناتوانێت بگاتە کۆتاییەکەی.

بوونی ئاژەڵ و باڵندەی کێویی لە ناو توونەکە دا، وەکوو (مارمێلکە، بۆق، قەلەڕەش، کەروێشک، کەو ، بەراز، ...هی تر)، مەترسیی لەسەر ژیانی گەشتیاران درووست ئەکەن، چونکە ئەبن بە هۆکارێک بۆ کەوتنەخوارەوەی بەرد و چەو.

سرووشتیی توونەکە وایە بە هەر باران بارینێک، دەرەکانی پڕ ئەبن لە ئاوی لافاو و داڕمانی توونەکە، ئەمەش ئەگەری زیادبوونی مەترسیی لە سەر ژیانی گەشتیاران زیاتر ئەکات.

توونەکە بۆتە سەرچاوەی ئەفسانەیی جۆربەجۆر، ئەمەش بۆتە سەرچاوەی جۆرێک لە ترس لای ئەو گەشتیارانەی کە گەشت بۆ توونەکە ئەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا توونەکە شوێنی سرووشتیی ناوازە و دڵڕفێنیی تیادایە، کە سەرنجی گەشتیاران بۆ خۆی رائەکێشێت، بەڵام تاوەکوو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستیی و پراکتیکیی وەبەربهێنرێت بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە پلانێکی بەهێزی گەشتوگوزاریی دابنرێت بۆ گەشەپێدانی توونەکە، لێرەدا پلانێکی گەشتوگوزاریی بۆ گەشەپێدانی توونەکە ئەخەینەڕوو:

کردنەوە و راکێشانی رێگایەکی پێشکەوتووی ئەندازەیی، کە گشت پێداویستییەکانی تیادا دەستەبەر ببێت لە نێوان رێگای (سلێمانی-کەلار) و دەروازەی توونەکە، بۆ ئاسانیی گەیشتنی گەشتیاران و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئامرازی

گواستنەوەی تایبەتیی کە لەگەڵ سرووشتیی ناوچەکە بگونجێت.
دانانی نەخشەیەکی بنەڕەتی بۆ ناوچەکە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەندەوە بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنی دامەزراندنی ئاسانکاریی و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی تایبەت بەم جۆرە گەشتوگوزارییە لە ناوچەکەدا.
درووستکردنی ئاسانکاریی و خزمەتگوزاریی گەشتوگوزاریی وەک درووستکردنی کەپر و چادرگەی گەشتیاریی و تەوالێت و شوێنی مانەوە و حەوانەوەی گەشتیاران و چێشتخانە و کافتریا و پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل، بەجێهێنانی ئەم پرۆژانە ئەبێت بە هۆی هاندانی زیاتری گەشتیاران تاوەکوو سەردانی بکەن و تیایدا بمێننەوە.
دامەزراندنی چەند فرۆشگایەکی تایبەت بە فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستی گەشتوگوزاریی سەرکێشی وەک ( کۆڵەپشت، پێڵاو، پۆشاکی تایبەت، بتڵی ئاو، لایت، کڵاو، چاویلکە، گۆچان و...هی تر).
چاپکردنی رێبەری گەشتیاریی و نەخشە و وێنەی ناو توونەکە.
دانانی هێما و رێنمایی فسفۆڕیی لە ناو توونەکەدا، کە کارئاسانیی بۆ گەشتیاران ئەکات بۆ چوونە ناوە و هاتنەدەرەوە.
دانانی رابەری گەشتیاریی شارەزا و راهێنراو،کە توانای پێشکەشکردنی زانیاریی سەبارەت بە شوێنە جیاوازەکانی ناو توونەکە و دووری و چۆنییەتی گەیشتن بەو شوێنانەی هەبێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ناساندن و بەرچاوڕوونی گەشتیاران.
دامەزراندنی بنکەکانی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی (تەندرووستیی، ئاسایش،بەرگری شارستانیی)، بە مەبەستی پاراستنی گەشتیاران لە کارەساتی لە ناکاو و کتوپڕ.
گرنگیدان بە راگرتنی پاکوخاوێنی و پێدانی کیسیی تایبەتیی بە گەشتیاران بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکانیان.
درووستکردنی پرۆژەیەکی ئاو بۆ دابینکردنی ئاوی پاک بۆ پێداویستی گەشتیاران لە رێگەی سوود وەرگرتن لە ئاوی کانیاوەکانی ناوچەکە.
لابردنی کارگەکانی بەرهەم هێنانی چەو و بەرد و لم، لە بەشی سەرەوەی توونەکە، کە بوون بە هۆی تێکدانی ژینگەی سرووشتیی توونەکە.

## ئەنجام:

هەڵکەوتەی ناوچەی توێژینەوە، بایەخێکی گرنگیی گەشتوگوزاریی بەخشیوە بە ناوچەکە، چونکە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، ئەمەش وا ئەکات داواکاریی گەشتوگوزاریی لەسەر ناوچەکە زۆر بێت.
ناوچەی توێژینەوە بە هەمەجۆری جیاوازی رواڵەتەکانی رووی زەوییەکەی و بەرزییەکەی لە ئاستی رووی دەریاوە دەرئەکەوێت، وەک بوونی چەندین زنجیرەچیا، کە لە نێوانیاندا چەندین دۆڵی جوانیی سەنجراکێش لە خۆئەگرێت، کە ئەبێت بە هەمەجۆری رەگەزەکانی خستنەڕووی گەشتیاریی لە رووبەرێکی بچوک و نزیک لەیەک.
ئاووهەوای ناوچەکانی توێژینەوە، تا رادەیەک گونجاوە بۆ چالاکییە گەشتیارییەکان بەم شێوەی خوارەوە:
تێکڕای کەوتنی تیشکی خۆری ساڵانە ئەگاتە (٧:٢٩) کاژێر، لە ناوچەی توێژینەوە.
تێکڕای پلەی گەرمیی مانگەکانی (نیسان، مایس، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم) ئەکەونە ناو چوارچێوەی پلەی گەرمیی خواستراو بۆحەوانەوەی مرۆڤ (١٨-٢٥)پلەی سەدیی، ئەمەش کاتێکی باشە و ئەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ گەشت و سەیران .
خێرایی با لە ناوچەی توێژینەوە خێراییەکی گونجاوی هەیە، کە ئەگاتە (٢,٥م/چ)، ئەمش لە ئاستی ئەو خێراییانە

ئەوەستێت، کە لە لایەن پسپۆڕانی بواری گەشتوگوزاریی دیاریکراوە .
تێکڕای ڕێژەی شێ لە کەژی گەشتیاریی (ئازار - ئەیلول) دا ئەگاتە (٣٠،٥٪) ئەمەش تێکڕایەکی گونجاوە و یارمەتی زیادکردنی چالاکیی گەشتیاران و ئاسانیی پیادەکردنی چالاکییە گەستوگوزارییەکان ئەدات.
کۆی ژمارەی رۆژە باراناوییەکان لە کەژی گەشتیاریی (ئازار-ئەیلول) بریتییە لە (٢٠,٥) رۆژ، ناوەندی مانگانەی رۆژە باراناوییەکان لە کەژی گەشتیاریی (ئاراز- ئەیلول) دا بریتییە لە (٢,٩) رۆژ، ئەمەش رێگە بە گەشتیار ئەدات کە چالاکییە گەشتوگزارییەکانی تایبەت بە خۆی بەجێ بهێنێت.
تێکڕای بەفربارینی ساڵانە لە ناوچەی توێژینەوەدا ئەگاتە (٢٢سم) ساڵانە، ئەمەش رەگەزێکی گرنگە بۆ گەشتوگوزاریی زستانە.
دەوڵەمەندی ناوچەی توێژینەوە بە دەرامەتی ئاوی سەرزەویی و ژێر زەویی، کە توانای گلدانەوەی ئاو لە هەر دوو دەریاچەی دەربەندیخان و دێوانە ئەگاتە زیاتر لە (٧.٣٢١ملیار/م٣)، ئەمەش وائەکات بۆ چەندین چالاکیی گەشتیاریی بەکاربهێنرێت، وەک (مەلەوانی، راوەماسیی، سواربوونی بەلەم...هی تر).
بوونی رووەکیی سرووشتیی و ئاژەڵ و باڵندەی کێویی لە ناوچەی توێژینەوەکەدا، بە جۆرێک رێژەی (٢٥,٧٨٪) کۆی رووبەری ناوچەی توێژینەوە بە رووەکیی دارستان داپۆشراوە و رێژەی (١,١٦٪) و(٣٤٪)ی بە گژووگیا و رووەکیی کەنار چەم و رووبارەکان داپۆشراوە بۆ ساڵی (٢٠١٨)، ئەمەش بۆتە بەخشینی جوانیی سەرنجراکێش و پاراستنی گەشتیاران لە گەرمیی و پاک راگرتنی ژینگەی ناوچەکە، هەوەها ئەکرێت ئەو ناوچانە بۆ درووستکردنی پارێزراوی سرووشتیی بەکاربهێنرێن بە تایبەتیی ناوچە دووره دەستەکان.
گەشتیاران لە کاتی سەردانکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە ئاماژەیان بە کۆمەڵێک کێشە و گرفت داوە، بە رێژەی جیاواز، بە جۆرێک کەمیی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی بە تایبەتیی رێگاوبان زۆرتر لە (٣٩،١٪) و کەمیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی رێژەی (٢٧،٢٪)ی وەرگرتووە، کەمترین کێشە کە ئاماژەی بۆ کراوە بە پێی فۆرمی راپرسییەکە، لایەنی ئاسایشیی بووە بە رێژەی لە (٢،٥٪)، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش لە ناوچەی توێژینەوە.

## ڕاسپاردەکان:

چاککردن و راکێشانی ڕێگای گواستنەوە و بەستنەوەی تەواوی ناوچەکانی قەزاکە بە تۆڕێک رێگای هاتووچۆی پێشکەوتوو، بە مەبەستی ئاسانکردنی گەیاندن و گواستنەوەی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان و گەڕاندنەوەیان.
چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتیی بە تایبەتیی لە ناوچە گەشتیارییەکان، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی پلاندانانی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە، چونکە کێشەی موڵکایەتیی ئاستەنگێکی سەرەکییە لە ناوچەکەدا.
دامەزراندنی دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان (سەرخانی ئابووریی)، وەک شوێنی حەوانەوە و چێشتخانە و گازینۆ و باخچە و یاریگاکان، بنەمایەکی گرنگ ئەبێت بۆ زیاتر هاندانی گەشتیاران، کە رووبکەنە ناوچە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە، چونکە گەشتیاران بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستن بە شوێنی حەوانەوە و پێداویستییە سەرەکییەکانی رۆژانەیان لە خواردن و خواردنەوە و کات بەسەربردن.
بە بازارکردنی گەشتیاریی لە رێگەی پۆستەر و وێنە و نامیلکەی گەشتیاریی بۆ زیاتر ناساندنی ناوچەی توێژینەوە وەک ناوچەیەکی گەشتوگوزاریی گرنگ، هەروەها گرنگیدان بە راگەیاندنی گەشتیاریی ( بینراو، بیستراو، خوێندراو).
خێراکردن لە گەشەپێدانی ئەو ناوچانەی خاوەنی توانستە سرووشتییەکانی گەشتوگوزارین، لەوانەش ئەشکەوتی کونەبا و توونی بابا عومەر و دەریاچەی دەربەندیخان، تاوەکوو ببن بە هۆکاری بوژاندنەوەی ژێرخان وسەرخانی ئابووریی و

بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس و راکێشانی سەرمایەی گەشتیاریی و رەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. زانینی داواکارییەکانی گەشتیارانی ناوچەی توێژینەوە، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دارشتنی پلاندانانی گەشتیاریی، چونکە بە هۆیەوە ئەزانرێت،کە داواکاریی و پێداویستییەکانی گەشتیاران چییە؟، بۆیە پێویستە بنکەیەکی سەرەکیی ئاماری گەشتوگوزاریی درووستبکرێت لە ناو بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزاریی دەربەندیخان دا، کەسانی شارەزا لە بواری ئامار و گەشتوگوزاردا تیایدا کاربکەن.

گرنگیدان بە ناوچە گەشتوگوزارییە شاراوەکان، وەک تاڤگەی دەڵڤ لە ناوچەی شەمێران و ئەشکەوتی کونە شەمشەم لە چیای بەرانان، کە پێویستە خزمەتگوزارییان تیادا جێبەجێ بکرێت، وەک دامەزراندنی شوێنەکانی حەوانەوە و پێداویستییەکانی گەشتیاران لە خواردن و خواردنەوە و شوێنەکانی کات بەسەربردن و دامەزراندنی چەندین بنکەی تەندرووستیی و ئاگرکوژێنەوە و چاککردنەوەی رێگاوبانەکان و...هی تر.

پاشکۆ

هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان

بەشی جوگرافیا

فۆرمی راپرسیی

گەشتیاری بەرێز :

بەجێهێنانی ئەم راپرسییە، تەنها بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیارییە [illegible] ی کەرتی گەشتوگوزاریی لە قەزای دەربەندیخان دا ، کە توێژەر هەڵئەستێت بە بەجێهێنانی لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی (توانستە سرووشتییەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار و کێشەکانی لە قەزای دەربەندیخان دا) بەمەبەستی نوسینی توێژینەوە. جێگای باسە ئەم راپرسییە بە بێ ناوهێنانی بەرێزتان ئەبێت، وەڵامەکانی نێو ئەم راپرسییە جگە لە ئەزموون و شیکردنەوە لە لێکۆڵینەوەی زانکۆیی دا بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکارناهێنرێت، بە هیوای هاوکارییکردنتانین بە وەڵام دانەوەی ورد و راستیی پرسیارەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا .

تێبینی / تکایە نیشانەی (/) لە بەردەم وەڵامی گونجاو دابنێ.

١- زانیاری کەسیی

شوێنی نیشتەجێبوون پارێزگا ...................... قەزا ......................

رەگەز ١- نێر. ☐ ٢- مێ ☐

تەمەن ☐ ساڵ

باری کۆمەڵایەتیی ١- سەڵت ☐ ٢- خێزاندار ☐ ٣- هی تر ☐

ئاستی خوێندەواریی ١- نەخوێندەوار ☐ ٢- خوێندن و نوسین ☐ ٣- بنەرەتی ☐

٤- ئامادەیی ☐ ٥- زانکۆ و پەیمانگا ☐ ٦- خوێندنی باڵا ☐

پیشە ١- فەرمانبەری حکومیی ☐ ٢- کەرتی تایبەت ☐ ٣- خوێندکار ☐

٤- خانەنشین ☐ ٥- بێکار ☐ ٦- ژنی ماڵەوە ☐

داهاتـی مانگانـە ١ - کەمترلـە ٢٥٠٠٠٠ ☐ ٢ - ٢٥١ ٠٠٠- ٥٠٠٠٠٠ ☐ ٣- ٥٠١٠٠٠-٧٥٠٠٠٠ ☐

٤- ٧٥١٠٠٠ - ١٠٠٠٠٠٠ ☐ ٥- ١٥٠٠ ٠٠٠-١٠٠٠٠٠٠ ☐ ٦- زیاتـر لـە ☐١٥٠٠٠٠٠

٢- ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە لە چ ئاستێکدایە؟

| ژ | خزمەتگوزاریەکان | باش | مامناوەند | خراپ | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خراپیی ڕێگاوبان | | | | |
| ٢ | کەمیـی خزمەتگوزاریـی و شـوێنی حەوانـەوە | | | | |
| ٣ | نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوە | | | | |
| ٤ | خراپیی بارودۆخی ئاسایش | | | | |
| ٥ | بەرزیی نرخی خزمەتگوزارییەکان | | | | |
| ٦ | کەمیی زانیاریی لە سەر ناوچەکە | | | | |
| ٧ | نەبوونی ڕێبەری گەشتیاریی | | | | |
| ٨ | بوونـی قەرەباڵغـی لـە شـوێنەکانی مانـەوە وحەوانـەوە | | | | |
| ٩ | هۆکاری تر | | | | |


# Abstract

Natural potential for tourism development and its problems in the Darbandikhan district.

This research is entitled “Natural potential for tourism development and its problems in the Darbandikhan district ”.The aim is to identify and analyze the natural resources and issues in front of the development of tourism in Darbandikhan district. In order to achieve this objective, the research adopts descriptive and analytical methods with depicting results of the questionarie form which has conducted in direct and electronic way for a six month period. The analysis of datas were shown in tables, maps, and pictures. Finally, the study reached a number of results: the most important of which are Darbandikhan ows several natural resources for the development of tourism in the area. But many problems are obstacles to the development of tourism in the research area, especially the lack of economic infrastructure services, especially roads, was mentioned by more than (٪٣٩,١) and the lack of tourism services by (٪٢٧,٢), the least problem mentioned by tourists was security (٪٢,٥), which is due to the establishment of security in the studied area. At the end, several recommendations were presented to solve the problems and plan the future of the darbandikhan district, such as repairing roads, solving property problems, providing accommodation, restaurants,hotel, ... etc, which will lead to an increase in the number of tourists and development of tourism sector in the studied area.


**Keywords: Darbandikhan district, natural resources, kinds of tourism, problems in tourism, Development of tourism**

# الملخص


الإمكانات الطبيعية للتنمية السياحة ومشكلاتها في قضاء دربنديخان

هـذا البحـث المعنـون ب(الامكانـات الطبيعيـة للتنميـة السـياحية ومشكلاتها في قضاء دربنديخان) يهـدف الى عـرض وتحليـل الامكانـات واهـم المعوقـات التـي تعترض تنميـة السـياحة في المنطقـة. من اجل إجراء هذا البحـث اعتمـدنا المناهـج الوصفي والتحليلـي مع عرض نتائج استمارة الاستبيان والتى قمت بنشرها بطريقة مباشرة والكترونية و تحليل معلوماتها بشكل جـداول وخرائـط وصـور، وتوصـل البحـث لمجموعة مـن الاستنتاجات، منهـا: ان قضاء دربنديخان تمتلـك العديـد مـن الامكانـات الطبيعيـة السـياحية الجاذبـة للسـياح، الا ان هنالـك عـدة عقبات تقـف امـام تنميتهـا الا وهـي قلـة خدمات البنيـة التحتيـة وخاصـة سـوء الطرق المواصلات بنسبة تزيـد مـن (٣٩,١٪) و قلة الخدمـات السـياحية بنسبة مـن (٢٧,٢٪)، وأقل مشكلة التي يشيرها السائحون هـي الأمـن (٢,٥٪)، ويعود ذلك إلى الاستقرار الأمني في منطقة الدراسة.كـما توصـل البحـث لعـدة توصيـات تتنـاول كيفيـة معالجـة المشـاكل والمعوقـات وكيفيـة التنميـة والتخطيـط السياحي في قضاء دربنديخان، مثل إصلاح الطرق وحل مشاكل الملكية وتوفير الإقامة والمطاعم و الفنادق و...الخ والتـي بالتـالي تسـاهم في زيـادة اعـداد السـياح وتنميـة وتطويـر القطـاع السـياحي في المنطقـة.


**مفتاح الكلمات: قضاء دربنديخان، الامكانات الطبيعية، انواع السياحة، المشاكل السياحية، تنمية السياحة.**

# سەرچاوەکان


امین، اکرم حسن و ئەوانی تر، بەراوردێک لە نێوان چۆنێتی ئاو لە دەریاچەی دەربەندیخان وچەند بیرێکی دەوروبەری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٣)، ژمارە (٧)، ٢٠١٦.

درویش، عذالدین جمعة ، ئەوانی تر، شیکردنەوەی تایبەتمەندییە هایدرۆمۆرفۆمترییەکانی ئاوزێڵی بەنداوی دێوانە و کاریگەری لەسەر دروست بوونی دیاردەی لافاو لە وەرزی بارانبارینـدا بەبەکارهێنانی ( GIS )، گۆڤاری زانکۆی گەرمییان، ژمارە (٦) بەرگی (٤) ساڵی ٢٠١٩.

رشید، شیروان عمر ، ڕۆڵی داهاتی ئاو لە پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ژمارە (١)، ساڵی شانزەهەم، شوباتی ٢٠٠٨.

صابر، سایە سلام ، ڕوماڵکردنی شێوەکانی سەر ڕووی زەوی ناوچەی قەراغ و کاریگەریان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ، دکتۆراه، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٤.

مجید، شیروان احمد ، شیکردنەوەی کاریگەری بەنداوی دەربەندیخان لەسەر سیستەمی ئاوی رووباری سیروان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان ووەرزش،٢٠١٥.

ناصر، سلام محمود ، هەمین نصرالدین محمد امین، شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەی وشکی ئاووهەوایی وگۆڕانی رووپۆشی ڕووەکیی لە قەزای دەربەندیخان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠٢١) بە جێبەجێکردنی میتۆدی (OBIA)، گۆڤاری زانکۆی گەرمییان، ژمارەی تایبەت، دەیەمین کۆنفرانسی زانستی (وشکەساڵی وبەڕێوبردنی کەمی ئاو)، ٢٠٢٢.

کاکە عبداللە، هاوسەر ابراهیم وئەوانیتر، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەقەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمییان، ژمارەی تایبەت ، کۆنفرانسی (٥)، زمان وزانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٩.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی بەنداو کۆگاکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان، بەشی کەشناسی، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٠٢-٢٠٢٠.

حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان، وەزارەتـی كشـتوكاڵ و سـەرچاوەكانی ئـاو ، بەڕێوبەرایەتـی دارسـتان و پاوانـی سـلێمانی بەشـی پـلان ، زانیـاری بڵاونەكـراوە، ٢٠٢٠.

حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان، وەزارەتـی كشـتوكاڵ وسـەرچاوەئاوییەكان، بەڕێوبەرایەتـی بەنـداوی دەربەندیخـان، بەشـی جیۆلۆجـی، زانیـاری بڵاونەكـراوە، ٢٠٢٠.

حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان، وەزارەتـی ناوخـۆ، بەڕێوبەرایەتـی گشـتی پۆلیسـی دارسـتان، بەڕێوبەرایەتـی پۆلیسـی دارسـتانی دەربەندیخـان، بەشـی ئامـار، زانیـاری بڵاونەكـراوە،٢٠٢١.

سەردانی مەیدانی لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١١، ٢٠٢١/٩/١٧ .

احمد، منال شوقي عبدالمعطي ، جغرافية السياحية ، دارالوفاء الدنيا للطباعة و النشر و التوزيع ،ط١، عمان،٢٠١٤.

إسـماعيل، سـليمان عبـدالله ، السياسـة المائيـة لـدول حـوض ديجلـة و الفـورات و انعكاسـاتها عـلى القضيـة الكرديـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية ، ٢٠٠٤.

اسـود، هوشـنك محمـود، إمكانـات التنميـة السـياحية في المنطقـة الجبليـة لمحافظـة آربيـل، رسـالة ماجسـتير،(غ،م)، كليـة الاداب، جامعــة المنصــورة، ٢٠١٤.

البغـدادي، محمـد عبدالـرزاق مـوسي ، جغرافيـة العـراق السـياحة، دارالكتـب للطباعـة والنـشر، كتـاب وزراة تعليـم العـالي والبحـث العلمي،جامعـة موصـل،١٩٩١.

الحديثى،عبـاس غالـى و احمـد عبدالسـلام عبدالنبـى، الاتجاهـات المكانيـة المسـتقبلية للتنميـة السـياحية فـى منطقـة الجنـوب، مجلـة واسـط للعلـوم الانسـانية، المجلـد(١٠)، العـدد(٢٦)، ٢٠١٤.

حسـين، بهـزاد حلميـى ، الإمكانيـات الجغرافيـة السـياحة في قضـاء ( ئاكـرێ )، رسـالة ماجسـتر ، غـير منشـورة ، كليـة الأداب، جامعـة صـلاح الديـن، أربيـل ، ٢٠٠٩.

السـعدون، عبدالجليـل ضـارى عطااللـه ، دراسـة واقـع السـياحي في محافظـة بابـل وضرورة تخطيـط الخدمـات السـياحية فيها،رسـالة ماجسـتير،(غ،م)، مركزالتخطيـط الحـضري و الاقليمـي، جامعــة بغـداد، ١٩٨٨،

طالـب، جـزا توفيـق و الاخـرون، تحليـل الخصائـص الجيومورفومتريـة في حـوض وادي بابـا عمـر (دراسـة في الجيومورفولوجيـا التطبيقيـة)، مجلـة (زانكـۆی سـلێمانی) القسـم (B) للدراسـات الانسـانية، العـدد (٥٩)، كانـون الثـاني، ٢٠١٩.

العبـادي، رشـيد سـعدون محمـد ، آدارة المـوارد المائيـة في حـوض نهـر ديالـى و تنميتهـا، اطروحـة دكتـوراه، ( غ،م )، كليـة الاداب، جامعــة بغـداد، ٢٠١٢.

علاءالديـن، عطـا محمـد ، التحليـل الجغـرافي لواقـع و اسـتخدام المـوارد المائيـة في محافظـة السـليمانية و آفـاق المسـتقبلية، اطروحـة دكتـوراه، ( غ،م )، جامعـة السـليمانية، كليـة العلـوم الانسـانية، ٢٠١٣.

مصطفـى ،جاسـم محمـد ، ئـارى اسـماعيل أمـين، معلومـات عـن الانهـر المشـتركة لمحافظـة السـليمانية مـع اجانـب الايـراني، مديريـة الـري في السـليمانية، شـعبة أدارة الاحـواض النهريـة، معلومـات (غ،م)، ٢٠١٤.

الموسـوي، عـلي صاحـب طالـب ، عبدالحسـين مدفـون الموسـوي، علـم المنـاخ التطبيقـي، دارالضيـاء للطباعـة، النجـف الاشرف، ٢٠١١.

موسى، على حسن ، المناخ و السياحة، دار الأنوار اللطباعة والنشر والتوزيع، المطبعة الشام، ط١، دمشق - سوريا، ١٩٩٧.

النقشـبندي، آذاد محمـد امـين ، التنميـة السـياحية آثرهـا عـلى صيانـة البيئـة الطبيعيـة، بحـث منشـور في المؤتمـر العـربي الثالـث لـلإدارة البيئـة، الاتجاهـات الحديثـة في ادارة المخلفـات الملوثـة للبيئـة، شرم شـيخ، مـصر، ٢٠٠٤.

يونس، فضل احمد ، الجغرافية السياحية، دارالنهضة العربية للنشر، بيروت، لبنان، ١٩٩٣.
وزارة الزراعة والري، الهئة العامة لتشغيل مشاريع الري، تصاريف مياه الانهار المارة في محطات الرصد الرئيسية لنهري ديجلة والفرات، آذار ١٩٨٩.
Daniel Scott, Brenda Jones and Geoff Mcboyle, climate, tourism and Recreation, Faculty of Environmental Studies, University of Waterloo, Ontario, Canada, September, 2004.
Janan Jabbar Toma, Lim no logical Study of Dokan, Derbendikhan and Duhok lakes, Kurdistan region of lraq, open Journal of Ecology, No3, 2001.
The Directorate of irrigation and Surface Water in Sulaimanyah, Sirwan River, Summary Repot، 2008.
Tibor Buday, The Regional geography of Iraq, stratigraphy& palaeography, printed by, Dar AL- Kutib publishing house, University of Mosul, Iraq ,1980.